# ڕێواز فایەق: هیوادارم دادگا پتر دەستەکانمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سارد نەکەنەوە

سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، ڕێواز فایەق لەبارەی دادگایکردنی ڕۆژنامەنووس گەهدار زێباری کە بڕیارە ئەمرۆ یەکشەممە بەڕێوەبچێت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس ڕایگەیاند، "بەیانی گەهدار زێباری بۆ تۆمەتێکی دروستکراو دادگایی دەکرێت، هێشتاش ئومێدەمان بە دادپەروەریی دادگاکەدا هەڵواسیوە، هیوادارم ئەمە و هەموو ئازادیخوازان بێئومێد نەکات و لەوە زیاتر بەم شانۆگەرییە نەگریسانەی ناویان لەناوە دادگاییکردن، ناو و ناوانگی هەرێمەکەمان کە بەرهەمی شۆڕشە بۆ ئازادیی لەکەدار نەبێت و لەوە پتر دەستەکانمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پشتیوانیکردنی ئەزموونەکەمان سارد نەکەنەوە".